# تەعریبی نوێی کەرکوک: ناوچەی پیشەسازی
# لە کورد پاکدەکرێتەوە

٢٠٠٦/٤/٢٥

ئەحمەد عەزیز




سەرەڕای ئەوەی جولانەوەی سیاسی کورد لە پایتەختی عێراق، توانایەکی بێ سنوری سیاسی و دیبلۆماتی خستووەتە گەڕ لە پێناو سەلماندن و ساغکردنەوەی ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوک، کە چی تا ئێستا لە ڕوی پراکتیک و لە سەر ئەرزی واقیع سەرکەوتوو نەبووە، بەوەی کەرکوک بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی ڕەسەنی خۆی بە پێی مادەی (٥٨)ی یاسایی کاتی و مادەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق.

دیارە ئاڵۆزی و شێواوی کەرکوک دوو ڕووی هەیە: ڕووی یەکەمیان پەیوەندی بە لایەنی کوردەوە هەیە، کە نەیتوانیوە لە سایەی ئەو هەلو دەسەڵاتە خۆماڵییەی کوردو، ئەو بودجە زۆرەی تەرخان کراوە بۆی، لە لایەن هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر(بە سەدان ملوێن دۆلار) کۆنترۆڵی باری کەرکوک بکات و بەڵانسەکەی بە لایەنی کەمەوە لە بەرژەوەندی کورد ڕابگرێت و ئەو دەستکەوتانە بپارێزێت کە لە شاری کەرکوک بۆ کورد هاتونەتە دی، لایەنی دووهەمیش لە ململانێی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبی - تورکی و گەلی کوردەوە سەریهەڵداوە لە سەر شاری کەرکوک، لە پاش دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە، چونکە عەرەبی ناسیۆنالیست، کەرکوک بە شاری ئاڵتونی ڕەش و بنەمای دروست بوونی دەوڵەتی کوردی پێناسە دەکات و کۆنترۆڵکردنی لە لایەن کوردەوە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەزاندنی هێڵی سوری عەرەب دەزانێت.



لایەنی عەرەب لە پاش ئەوەی توانا و دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقی عەرەبییان لە دەستدا لە ساڵی (٢٠٠٣)، کەوتنە بەکارهێنانی جەنگی تیرۆر و پارتیزانی، وەک ستراتیجێکی نوێ لە بەرانبەر هەوڵەکانی جولانەوەی سیاسی کورد سەبارەت بە گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و توانییان تا ڕادەیەکی زۆر مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان بپێکن، بەوەی باری ژیان و ئاسایش لەقکەن و کۆسپ بخەنە ڕێگای گەڕانەوەی ئاوارەکان وئاسایی کردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکوک، هەروەها دروستکردنی کردنی کۆچی پێچەوانەی کورد لە کەرکوکەوە ڕووەو کوردستان.




ناوچەی پیشەسازی کەرکوک تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسیش نزیکەی (٦٠%) پێکهاتەکەی کورد بوو (وەستا – فیتەر – شاگرد – کارگە - وەکیلی یەدەگی ئۆتۆمبیلی گەورە و بچوک)، وا بۆ ماوەی (٣) مانگ دەچێت لە بەرواری نوسینی ئەم بابەتەوە، لایەنی عەرەبی بە پێی نەخشە و پلانێکی ڕێکخراو دەستیان کردووەتە کوشتن و هەڕەشەکردن لە خەڵکانی کورد، هەروەها سڕینەوەی ناووسیمای کوردی لە سەر دوکان و کارگە و فرۆشگاکان، بە مەبەستی نەهێشتن و پاککردنەوەی کورد لە ناوچەی پیشەسازی کەرکوک(منطقة الحي الصناعي)، کە دەکەوێتە نێوان دەروازەی کەرکوک لە گەڵ حەویجە – تکریت بە مەبەستی گرێ دانەوەی لە گەڵ قوڵایی ئەو ناوچانەی زۆرینەی عەرەب نشینن، سەرئەنجام ژمارەیەکی بەرچاوی وەستا و خاوەن کارگەکان کە کوردن ناوچەکەیان چۆڵ کردووە و ئێستا پێی هاتوچۆیان لێیان بڕیوە، لەوانە (وەستا کامەران حەداد، ڕەشید حەداد، ئومێد حاجی جەلیل، بنەماڵەی پیرۆت حەداد، فەهمی شوکر، سلاح ئەسڵی، شەماڵ مەحمود کوردی، وەستا کەریم و تاد)، بەشێکی زۆری خاوەن کارگەکان، بە تایبەتی خاوەن کارگەی بلۆکەکان، وەکیلی عەرەبیان لە جێگای خۆیان داناوە تا کارکانیان بۆ هەڵسوڕێنن و ماڵەکانیان بپارێزن، کارگەشتووەتە ئەوەی ئەو کارگە و دوکانانەی لە پاش پرۆسەی ئازادی ناوی کارگە و دوکانەکانیان کردبوو بە کوردی بیسڕنەوە لە ژێر کاریگەری فشار و هەڕەشەدا، لە پێش پرۆسەی ئازادکردنی کەرکوک ڕۆژانە تا کاتژمێر (٦)ی ئێوارە کاردەکرا و ئێستا لە دووی پاش نیوەڕۆ ناوچەی پیشەسازی چۆڵ دەکرێت و دادەخرێت، لە شارع جمهوری کە سەرەکیترین شەقام و بازارە و دەکەوێتە سەنتەری کەرکوکەوە، هەڕەشە کراوە لە (وەهبی وەکیلی LG، خاوەن چێشتخانەی سلێمانی، توفیق وەکیلی کۆنکا و خاوەنی دارالالحان و چەندین سەرمایەداری تر)، گەر بێت و ئەو بڕە پارانەی لێیان داواکراوە نەیدەن، ئەوا ڕووبەڕوی کوشتن و تیرۆر دەبنەوە، هەروەها تا ئامادە کردنی ئەم بابەتە کوڕو کەسوکاری ئەم دەوڵەمەندانەی شاری کەرکوک ڕفێندراون(ئیسماعیل کوڕی خەلیل ئاغا، ڕەبیع

پەمچی، ئاکۆ زاوای کاک ئەحمەد کرێکار، عبدالستار برای ئاراز و کاوە و چەندین خەڵکی تر)، بۆیە گەر دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کورد لە کەرکوک بەو هەموو دەسەڵات و هێزە ماددی و بەشەری و شەرعییەی هەیەتی توانای بەڕێوەبردن و پاراستنی سەروماڵی خەڵکی کەرکوکی نەبێت کە ئێستا لە سەر لە سەر کورد حیسابە و لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا کورد هێندەی ئێستا دەسەڵاتی نەبووە لە کەرکوک، ئیتر ئاخۆ بە پێی چی لۆژیک و بنەما وپێوەرێک چاوەڕوانی ئاسایی کردنەوە و ساغکردنەوەی ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوک لەو ستافەی کورد دەکرێت، کە قیادەی باری سیاسی و ئیداری کەرکوکیان لە ئەستۆدایە؟

ئایا ئەم دیاردەیە و چەندین کیشەی تری چەق بەستیو بەس و هاندەرنییە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵوێستەی لە سەر بکات ومو‌راجەعەی ئەوراق و حیساباتی خۆی بکاتەوە لە کەرکوک پێش ئەوەی کارلە کاربترازێت و بارەکە لە دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەربچێت، ئەم پرسیارە و چەندین پرسیاری تر وەڵامدانەوە و بەرپرسیارێتییەکەی بە جێ دەهێڵین بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد و مێژوو.